# مەلی هەست و پەیامی ڕۆحی شەهیدان!

نووسینی: ڕێبوار حسێنی

زۆر لە مێژبوو نیازی گەشتێکی دوورم بوو، نیازم وابوو لە یەکەم هەوارگەی سەروەرانەوە تا دوا جێژوانی ئەویندارانی ئەوینێ برۆم و چەم دی و چەم بیست بۆتانی وەگێرم. ڕەنگە بڵێن: پیرە ڕێبوارێکی ڕێگای پڕ لە کەندو لەندی ژیان، سەد جار کەوتوو و هەڵدێران، بەڵام قەت هێز لەبەر نەبڕاو، گەرەکیە بێژێ چە بووگە؟ ئەم پێرە لاجانگ چەرموگە!؟ خزمینە.!

بەیانێك هێشتا خێزان هەڵنەستابوو، کابان کارو بەرخی بەرنەدابوو،خۆم پێچاوەو وە کازەکەم گرتە دەست و تینم لە لاقان کردو هەورازی سەخت و کووری"شاخە زەرد و دار دەهۆڵم" گرتە بەرو کێواو کێو بە قەڵای ئۆغڵۆ بەگ دا بەرەو کوێستانی وەزەنێ و ئاوە سپی، بەو" کەژەڕێیە" ی کە شەقامی هاتووچۆی نەشمیل و چاوکەژاڵ و ڕووبەخاڵ و کوڕو کاڵانە لە وەرزی بەهاری ژیان و هەڵدانەوە، کەبۆ کوێستان دەچن، گوڵی سوێسنە و نێرگز دەچنن و شایی دەگێڕن و هەڵدەپەڕن و بای باڵ دەدەن و گوڵی گەنجی و تازەلاوی بە بۆن دەکەن، بام دایەوە. خەریك بوو بەرەو کەلیخان لێی ئاڵێنم، کە لەدامێنی"سەرتوونی" سەربەرزەوە، بە یەك ئاهەنگ و تەرزەوە، لە گۆڕستانەکەی"ساوان"، لەو مەڵبەندەی خاوەن ناوان، مەکۆی سەروەرانی خەبات، فیداکارانی ڕێی نەجات، دەنگێك وەك کۆرسێکی سروود، وتیان:هۆ لالۆی ڕەش و ڕوت،! بۆکوێ وا بەلەز بۆ دەڕۆی، چتە وا هەناو پڕ بۆسۆی؟. ئاورم داوە، کەسم نەدی بەم دووچاوە، بەڵام پاشان، لە"سەید ئەحمەدی" ساوان سپی پۆش دەستیان هەڵتەکان، وتیان: وەرە کۆڕمان گەرمە بەم سەحەرە، لادە لامان وەرە، وەرە!، پەیامان هەس بۆمان بەرە.

کە بۆلای ڕاست ئاوڕم داوە، شەهید شێخ حسێن لە گۆڕستانەکەی نژۆ، وتی ڕامەوەستە بڕۆ! کە هاتییەوە لادە لەلام، هاوڕێی خۆشەویستم پزمام. لەدوای دیداری سەربەرزان کەوتمەوە ڕێگا هەمیسان. لە کوێستانی حەوتاش سووکە وچانێکم بۆ گرت، پڕ بەدەروونم لەو هەوای کوێستانە سافەم هەڵمژی و لەسەر هەوای" ساڵح دیلان" گۆرانی:کوێستانان خاڵ خاڵ بەفری ناچێتۆ، قیبلەم گۆڕاوە ئاشتی نابێتۆ، وەدەم گاڵەی پیرە شەماڵی کوێستانان دا دا. دوای گۆرانیەکە، لاسکە گوڵێکی وشك بووی هەڵاڵەم بەدەستەوە گرت و دەستم بە خەت و جغز کێشان لەسەر عەرز کرد. بەدەم ئەم کردەوەوە کەوتمە دەریای بێ بنی خەیاڵەوە. سوار باڵی ڕەنگاوڕەنگی پەپوولەی خەیاڵم بووم، بەرز بەرز دەورم دەدان، لەم لاو لەولای خۆم دەمڕوانی، لەنزیك"سووتەو بستام" پەپوولەی بیرو هۆشم بۆ مژینی ئاوەنگی سەر پەلکی سوورە گوڵێك نەرم نەرم، هێدی هێدی، هاتە خوارو نیشتە سەری. کاتێك پەپوولەی ئەندێشەم دەمی نایە دەمی گوڵەوە، سوورە گوڵەکە هاتە دوان و ووتی: ئەی پەپوولەی بیرو هەستی لالۆی ڕێبواری ڕێگای دوور!، نام ناسیەوە هەر بە شعوور؟، من جەستەی سووری شەهید"فەتاح نێزەڕۆیی"، شەهیدی ڕێگای خەباتم،!! لێم سڵ مەبە زۆر لەمێژە لێرە تەنها و بێ هاودەمم،! دەتۆو بەشقی ڕێگای دوورت، بۆ خاتری کاروانی سوورت، وەرە تاوێك میوانم بە، نانێك ئاوێ، باسێ خواسێ، چۆن پەپوولەی گوڵ ناناسی؟. پەپوولەی بیر مژی دەمی گوڵی هاوبیر. پاش ماچ کردن و مێزلێکدان، سوورە گوڵی ڕووگەش و جوان، ووتی: پەیامێکم هەیە، پەیامی گشتمان ئەوەیە، بیگەێنە هاوڕێکانم دڵنیابن هەر سەرقافڵەی کاروانتانم!. کاتی ماڵ ئاوایی ووتی: هەر لێرەوە ڕێ نزیکە، بچۆرە پارکەکەی سەقز، شۆڕە " غەزالی " والەوێ، بەشکم چاوێکت پێی کەوێ. مەڵێ خەیاڵ دای لە شەقەی باڵ و لە دووئاوەوە بای داوە، کە سەقزم چاوپێکەوت، شۆڕەسوارێك لێم دەرکەوت. بە گور و تاو لە پانتایی پارکی شارا هاتوچۆی بوو، دەیان گوڵی سوورو جوانی لەسەر سینگ و بەرۆك دابوو، سوورە گوڵەکانی سەرسینگی هەموو دەمیان کرابۆوە و تازە غونچەی پشکوتوو بوون. لەولاوەتر کاکە " عەلی چەمەنگوڵی و کاکە حەسەنی سەلیمی " ڕاوەستابوون، چوومەلایان. " غەزالی " شۆڕە سواری خەبات، لە کاتێك دا ئەم غەزەلە فارسی یەی حەسەنی سەرمەدی دەووت کە: {زهرجا بگذرد تابوت من غوغا بپا سازد، چ سنگین میرود این مرده زبس که آرزو دارد} ، لەگەڵ دوو شەهیدەکەی تر بەرەو ڕووم هاتن و ووتیان: چی یە وامات و داماوی؟، بەم هاوینە هەڵکورماوی؟، لە " خەرمانان " خەرمانی خەمت بەباکە، کارمان پێتە وەرە کاکە، هەمانە پەیامی نەجات، بیبە لە بۆ کۆڕی خەبات!. جادەو جادە بەرەو " میرەدێ " کەوتمە ڕێ. مەلی خەیاڵ لەسەر لوتکەی شاخەسووری سەرپردی میرەدێ نیشتەوە. لەو مەڵبەندەی تێر تێر ڕوانی. لە خوارو ژووری جادەکە، جەندەکی جندرمەی مردوو، حەشری دەکرد. دەیان داڵاش و خەرتەیان لەسەر بوون، لەسەر بەرزی شاخە سووریش، هەڵۆیێکی چاوتیژی چنگ بەگڕ، هەڵنیشتبوو. مەلی خەیاڵ لێی ڕاچەنی و ویستی بفڕێ، بەڵام هەڵۆی بەرزەفڕی لوتکە گری، وڵاتی شاخ و داخ و کوێستان، قاوی لێکردو ووتی: لێم سڵ مەبە ئەمن گیانی بەرزەفڕی قەت نەمری، شەهید " حەمە تورکەی " شێرە پێشمەرگەی ناو سەنگەر، بەوری بەیان، هەڵۆی هەڵمەت و چیام، بڕوانە جەستەی زاماویم بڕوانە شاباڵ و سینگم کەچۆن بەهێزی باوەڕ بەخۆبوون و خەبات، یەخەی خۆم کردوە ئاواڵە، دەمی زامانی جەستەکەم کراونەوە وەك هەڵاڵە،! وەرە ئەی مەلی باڵ سووك بلبلی دەنووك بچووك. دەم بە بزە ڕوولە مەلی خەیاڵم، بەدەنگێکی بە سۆز ئەویش ئەم غەزەلە فارسیەی هەڵدا ووتی: ای مرغ صفا صاحب عهد و وفا، ازمن بدلدارم بگو: شانە کمتر زن ترسم تارمویت بشکند، تارموی تواست جانا رشتە جان من است!، یەکترمان توند لەئامێز گرت و پاشان بەرەو ئارامگای پیرۆزی لە گوندە جوانەکەی " گوێزێ، وەپێش خۆی دام، میواندارێکی لێکردم کەس نەی کردبێ!!، ئەویش پەیامی دامێ و ووتی: ئەی ڕێبواری ڕێی ئەوین، جێ ماو لە کاروانی بەتین، ببە پەیامم بۆ یاران، بۆ کاروانی وەفاداران. ئەوجا یاران! لەو کوێستان و شاخ و داخە، لەو زۆزان و هەردو باخە، بەرەو شاری کوردەواری، ئەوشاری جێی شەرەفباری، شاری سەرداری سەرداران، شاری نەشمیل و نازداران، شاری هونەر و گۆرانی، مکۆی " زیرەك " و یارانی، چوومە سەر قەڵاکەی سەردار لە شاری " بۆکانی " دێرین، مەڵبەندی کوردی خوێن شیرین. لەودەشتی ڕێی ساروقامیش، دوو شۆڕەسواری زۆر چالاك، دوو گەنجی جوانی " موکریان "، خوسرەوی ژێر جەعفەری جوان، هەڵەداوان بەتاو گوڕ، دەم بە سرودی ئەی ڕەقیب، زۆر بە ویقار گەلێك نەجیب، قاویان کردم: وەرە ئەی لالۆی عەودالی هەواڵان، هاوڕێ و هاوبیرەکەی ساڵان!، کۆڕتان چۆنە؟ هەروا گەرمە؟ عەزمی جاران، زوور یا نەرمە؟! وەرە بەرە ئەم پەیامە، بەڵام توخوڵا لالۆ! مامە! بێ کەم و کوڕ بەبێ درەنگ، وەك بای سەر سەر بە ڕۆژی ڕوون بە شەوەزەنگ، بیبە بۆ یارانی خەبات، درەنگ یا زوو ڕۆژێك هەڵدێ خۆری نەجات!!. پێچامەوە بارگەو بنە، هەوارگەم بردە شار "سنە". شاری جوانی لەبەردلان، پێتەختی کوردی ئەردەڵان. لە مەیدان " سیروس " ئەوشارە، قرچەس، زرمەس، هاوارە. کوڕی کوردە و لەناو سەنگەر، دژمن بەزێنە و کۆڵنەدەر. سێ پاڵەوان، بەوری بەیان، پێشمەرگەی ڕێبازی خەبات، خۆیان بۆ گەل دەکەن خەڵات. " عەتا قادری، ناسر نانەوا، لەگەڵ سەید جەمیل سەججادی "، لەناو جەرگەی مەیدانی شار، لەحاست دژمن بە قین و قار، دەکەن شەڕی مان و نەمان، لەپێناو کورد و کوردستان. سڵاوم کرد لەو حەماسە، ئای لەو ڕۆژ و باس و خواسە!!. شەوبوو، هەوا ڕەش داگیرسا وەك ڕووی دژمنی نابەکار، هەوارگەم بردە " یەك شەوە " ئەو یەك شەوەی گەلێك شەوە حەوتەوانەکەی دوانن، یەك حەوتەوانەی گەردون و، ئەوی تریان خەوت ئەستێرەی پڕشنگداری ئاسمانی شۆڕشی کوردانن.کاکە وریای بە بیرو ژیر لەگەڵ شەش هەواڵی گیانی، وێکڕا هروژمیان بۆ هانی، وتیان: ڕامەوەستە، بڕۆ هەستە، پەیامان بەرە بۆ یاران، بڵێ کوڕی وەفاداران! حەوتەوانەکەی یەك شەوە، هەموو شەوێ لەو بەرزی ئاسمانی کوردان لە مەڵبەندی پیاو و مەردان، لە هەڵاتن و ئاوابوونە، بەڵام مژدە! ئاسۆ ڕوونە. گازو گووزی بەیانی، گەیشتمە گوندەکەی " قاقڵاوا " باوە" سەید کامیلی شاعیر " بۆ دەست نوێژ لەسەر چەم بوو. سەباح خێریم کرد و ووتی: کورم! بۆکوێ بەخێر بەم سەحەرە؟! دیارە ڕێی دوورت لەبەرە؟ ووتم: قوربان! سەیاحۆکێکی ڕێبوارم، زۆر ڕەش و ڕووت و نەدارم، خەرمانانەو کۆگای شێعرت سوور و زۆرە! هاتووم لە بۆ خەرمان لۆخە، فەرمووی: دەسا بەرکۆشەکەت ڕاخە! لەو کۆگاییەی کردوومە کەو، شێعری بازت دەی، یا شەو؟ ووتم قوربان! لای سەخی تەبعان محاڵە ڕوخسەتی میوانی شەو، پڕلە پەندی بەرزو جوانە شێعری " دڵ و باز و کەو. خەریکی وەرگرتنی زەکاتی شێعران بووم، " شەهید کاك حەسەن بازوکا " گازی کردم: وەرە ئێرە، باوەڕت برسییە یا تێرە؟ لە یاران یەك یەك کردی پرسیار، لە دوور و نزیك لە دۆست و یار. ئەویش پەیامی خۆی پێدام، دڵ پڕ زوخاو سینە بەزام. یەکسەر بەرەو " بێلوێ " هاتم، سەدجار کەوتم، بۆی ڕاوەستام، هێواش ڕۆیشتم هەڵاتم. دیتم " برایم خوریاوایی " لە گۆڕستانی ئاوایی، دەی گوت گۆرانیەکی بەسۆز، لە هەناوانی دێنا تۆز. ئەویش پەیامەکەی دامێ، لەسەری بوو تەنیا زامێ. لەوێ وەچووم بەرەو " نستان ". " شەهید کاك قادر نستانی و کاك عەزیزی عەبباسیم " دین، دایانێ پەیامی بەتین. چومە سارتکی بۆ دەراوەکەی بەرماڵان، "زاهیر ساوانی " دەی ناڵاند. وتی: زووکە بەرە پەیام، سڵاو بۆ خزم و کاك و مام. هاتمە لای " شەهید سەید تاهیر، خەریکی پێچانی زامەکانی بوو. کەمنی دی بەخۆشیەوە بەرەو ڕووم هات، پەیامی خۆی کردم خەڵات، ووتی: خۆ دەم بینی بەبێ لاق و سینە بەزام، سەرو چاو هەڵپروزاو و دڵ پڕ لە کوڵ لە مەیدانی حەماسەو خوێن، هاوبیری زامارم بە کۆڵ؟!. پەیامم بدە بەوانەی ئێستا لە هەوارگە ماون و بڵێ: ئێوەو بەشقی لاقی قرتاو، سینگی کون کون، سەرو چاو و بڕۆی پڕوزاو. بەسە هەریەك ڕوولە لایێك، پاڵ وێك دانێك، فکرێك ڕایێك!. هێز هەر لە یەکیەتی دایە، بەزاوێك ناکرێ کایە. بەدوو دەست چەپڵە لێدەدرێ و بە دوو زاوك گەمە دەکرێ. کە ماڵ ئاوایم لەو کرد، شەهید " خەلیفە شەمسوللاّ " و باقی هاوباوەڕان، زۆریان بەخێر هێنام و بە گەرمی خولقیان کردم. بەڵام لەبەر تاڵوکەییم لایان بەند نەبووم و بەو گەرمای مانگی " خەرمانان " لە گۆمە شین بڕێك خۆم فێنك کردەوە. پاشان دەستم دایە هەورازی " کەڕەی " و بەرەو گوندەکەی " کانی بەرد " ئەو گوندەی کە بۆ یەکەم جار لەوێ، هاوباوەڕ و هاوڕێ و هاوبیران، بوونی " خەباتیان " ڕاگەیاند. " کاك عیززەتی " لاوی ڕووخۆش، بە تاسەوە دڵ پڕ لە جۆش، ڕێی پێ گرتم و ووتی: ئۆغربێ بەو گەرمایە!، کوێت قۆناغەو چت تەمایە؟. لە دوورەوە دەستەو نەزەر بۆی ڕاوەستام، هێشتا زامەکانی سەری هەروا تەڕ بوون. ووتی: بچۆرە لای پۆلە بازەکەی " کۆخەداڵ و پیرێ " و جابرۆ. بەڵام وریابە نەکەویە داوی ڕەوە کوندەکەی دەشتە تاڵ و پەڕو باڵت وەدەم با دەن.!!! بەڵام پێشتر بچۆرە لای " شەهید ناسر " لە ئۆغەڵ، وریابە ئەو ناوە پڕلە چەقەڵ. مەلی هەستم هاتە زوان ووتی: پێش چوونم بۆلای بازەکان، دەچمە لای " قادر ساوانی " هەڵۆی چاوتیژی چیا، لە گوندی هەڵۆی هەڵۆ گر، مەکۆی قادر قارەمانی خەبات. هەوارگەی هەموو یاران چووم.

شەوبوو، قەفی جادەی هەژدە دۆڵانم گرتە بەر، زۆر ئەستێرە لەسەر سەرم ڕادەخوشین، هەستم دەکرد کە هەموویان ڕۆحی بەرزی شەهیدانی ئەو مەڵبەندەن و گشتیان پەیامی خۆیان داو لەسەر پەڕەی دڵم نوسین. کاتێك بەرەو لای کێوی " دووزین " ئاورم داوە، لەسەر بەرزی گۆڕستانەکەی، شوێ " یە، دوو ڕوناکی شین و جوانم بەرچاو کەوت، هەر زوو زانیم ئەمە تیشکی دوو چاوە شینەکانی شەهید کاکە " عەلی مەلایین " کەبە ئیشارەت پێم دەڵێ: پەیامی منی تازە لاو، شلکە نەمامی باخچەی شۆڕش و خەبات، بەرە بۆ دارستانی چرو پڕی چیای تێکۆشان و نەجات. هاتم بەرەو دۆڵی بەرڕێ، بەو شەوە ساف و سامالە، هاژەی ئاو بوو، هەر شنەی پیرە شەماڵ بوو. دەنگی هاژەی ئاو و شنەی شەماڵ، لەگەڵ دەنگی شەهیدانی ئەم ناوەدا ئاوازێك بوو زۆر ئاشنا. بۆی ڕاوەستام، گوێم بۆ هەڵخست، هاوڕێیان! پێتان وایە چم بیست؟!. " عەبدوڵڵا نستانی " و بەکر چەکوشەیی " لە " باسکە نیسکان " شەهید ڕەحیم سەقزی و عەزیز بۆیەنی " لە سیچان و بەردە ڕەش ". شەهید " جەلالی عەبباسی "، شەهید " عابید فەیزیان "، شەهید " ئەمیر مەریوانی " و هاو هەوارگەکانیان لە " ساڵوکی خوارو. کوڕی گەرم و سووری کاکە شەهید " تەها سووری " ڕوو سوور: شەهیدان " جەلال سولێمانی، جەلال فاتمی، کاکە کەریم زەربەنەیی، هەڵمەتی بە هەڵمەت و نووری لاوچاك، وەکو کۆرسی ئەو ئاهەنگەو، شەهیدی بەورەو ئازا کاك " برایم تاژانی و مستەفا شیوەڵەیی " لە شیوەڵە و " لەتیف میرەوسوویی و ڕەسوڵ مامالی " لە " کانی برایم " و " مەحمود ئارمردەیی، لە " نێروان " گشتیان بەرەو گۆڕستانەکەی تاژەبان، ڕووەو " مامۆستا سەید خەلیل و کاکە سەید عەبدوڵڵا دەریایی"، دەیان ووت: ئێمە سەربازی وڵات بووین، ئێمە پێشمەرگەی خەبات بووین. بێچوە شێرو چاو نەترس بوین، ئێمە بۆ گەلمان قەڵات بوین!. ئێستاش، کاروانی بەروە ژووری شەهیدانین، ڕچە شکێن و ڕێ خۆشکەری سەرکەوتنی کوردستانین، زامانی جەستەمان مۆرکی ڕەسەنی گەل و شۆڕشە. لووزەوی خوێنی گەشی لەشمان داری سەربەستی پاراو دەکا و نەمامی باغی ڕزگاری وەبەر دێنێ. لەم دیو سنووری دەستکردیش، کاکە " مەلا عەلی ولیاوا و کەریم کانی بەردی "، لەبناری کێوی " گمۆ " لە گۆڕستانەکەی " کەنارۆ " و " شەهید وەفا جەعفەری لە دۆڵی سەراو میراوا و شەهید ڕەسوڵ دڕۆڵەیی و لالۆ سەید برایم لە سورەقەڵات"، دەیانگوڕاند: ئەم کاروانە، ئەم کاهکەشانە جوانە، کاهکەشانی شەهیدانە. لەسەر لوتکەی کێوی " گاکڕ" چوار دەنگ هاتن بەیەك ئاهەنگ. شەهیدانی " هەژدەی ڕەزبەر" دەیان ووت: ڕۆژی هەوڵ و ڕاپەڕینە، ڕۆڵەی کوردی قارەمان!، بەرخی نێر بۆ سەربڕینە، نەك لەبۆ دۆشین و ڕان!. لەخوار ئەوانیشەوە، کاکە " خەلیل خۆشکەلام " لە کاتێك دا کۆڵە پشتیەکەی پڕلە کتێب و دەفتەر بوو، لەگەڵ کاکە " تاهیر ساوانی " لەسەر بەرزی،" بەردە کەڕەوە" لە بەینی ئاوایی بەردە بووك و زەربەنێ" وە بۆ ئەو کۆڕەیان دەڕوانی. شەهید خەلیل هێشتا کتێبەکەی،" دوکتور عاتف محمود" ی هەربە دەستەوە بوو کەلە کۆنفرانسی بن گوێزەکەی " سەراومیراو" لێی وەرگرتم، کە بەخەتێکی سووری ئەستوور لەسەر بەرگەکەی نووسرابوو: کامیان؟ ئیسلام یان مارکسیزم؟ لەبەر خۆیەوە دەی ووت: خۆم بەپێی خۆم دەچمە سەر پێچاڵی مەرگم بۆ گەلم، من نەمێنم قەیدی ناکا با وولاتم سەرکەوێ.

شەهید کاکە تاهیریش سیخۆ ڕەقەم یازدەکەی کە ڕۆژی ٧ی بەفرانباری ساڵی ١٣٦١ لە پشتی کانی برایم، بە دەستکەوت گرتبووی، لەسەر کۆشی بوو. شەهیدانی بۆیەنیش هەموو پێکەوە کاك " حەمە بۆیەنی " سەرچۆپی بۆ گرتبوون و گەڕیان دەگێڕا و دەنگی ئاهەنگیانم دەبیست، وادیاربوو کاکە تۆفیق بڵەسەنیان دەعوەت بوو و پێوقەدەمی میوانی تازەیان لەلا گەلێك بەخێر بوو، وا بەدەوریدا گەڕیان دەگێڕا، هەردەتگوت پەپولەو شەمن بۆ یەکتر دەگرێن و دەسووتێن. لەو چەم و دۆڵ و لێرەواران، دەنگەکان واتێك چڕژابوون هەر گاڵە بوو. لە کاتێك دا کە مامۆستا سەید خەلیل وانەی شەهادەت و فیداکاری بۆ هاوکۆڕ و قوتابیەکانی شی دەکردەوە، بە دیتنی پەپوولەی بیرو خەیاڵم کە بەسەر گوڵە شیلانەکانی نزیك گۆڕستانەکەوە هەڵ نیشت، کۆڕی وانە بێژی ڕاگرت و بەرەو لام هات و شەهیدان بەڕیز ڕاوەستان. مامۆستا لە چەپ و ڕاستی باڵا پۆشی دوو تیتۆڵی وەك یەکی برین و توند لێکی گرێ دان و لە باڵی بەستم و ووتی: ئەمە ڕەمز و پەیمانمانە، بڕۆ بیبە لەبۆ یاران، بۆ هەوارگەو بنکەی جاران. بڵێ هاو باوەڕانی خۆم، هێشتاش هەر پێشمەرگەکەی زووم. جەمسەری خەبات گرێ دەن، بەرگی چەند ڕەنگی فڕێ دەن!، یەك لاوەکەن ڕێگای خەبات، دەنا قەت ناگەن بە ئاوات!. پەپوولەی ماندوی خەیاڵم بەرەو لای " شەهابەدین و مەلا موسا " گوڵاو گوڵ و چڵاو چڵ کەوتە فڕین. لە دەواری " شیوی خەلیل" حەوت کۆتری سپی سەرباڵ سوور گمەیان بوو. پەپوولەی هەست و شعورم لەولاوەتر لەسەر چڵی گوڵە هێرۆیێك هەڵ نیشت و ویستی پشوو بدا کە شەهید " خەلیل ڕەشاش و عەبدوڵڵا هەمزە و باقی هاوبیرانی شەهید، چاویان کرد و گازیان کردێ و ووتیان: ڕوح سووکەکە! پەیامی ئێمەش هەڵگرەو بۆ هاوگۆڕانی بەرەو بڵێ: گەر دارەکان دەسك نەدەنە دەستی تەور، قەت ناتوانێ ببڕێتەوە پەل و پۆی داری دارستان!، گەر دڕکی مەم و زین نەبا، بۆیەك دەبوون خۆشەویستان. هەزار نەفرین لەو کەسانەی دەبنە داردەستی نەویستان. بەدەم گوللە و قەنارەوەش دەڵێن: بژی کورد و با ئاوەدان بێ کوردستان!. ئەو شەوە لەگەڵیان خەوتم. شەونمی بەیان سەرباڵی پەپوولەی خەیاڵی تەڕ کردبووم، هەربۆیە بەیەکم تیشکی خۆری بەیان، لەسەر بەرزایی " سوور کێو" لەپشتی گوندی " جەمپاراو " خۆی گەرم و وشك کردەوە. ویستی سەیرێکی " ئاربابا " بکاو بەیادی منداڵیەوە کە خۆزگەو ئاواتی ئەوە بوو ڕۆژێك لە لوتکەی سەرکەوێ و لەوێوە سەیری " بانە " کا، قرچەی کلاشینکۆفەکەی " ناسر میراوایی " لاوچاك، هەودای خەیاڵی پساند، سەرنجی دا لە کۆڵانی مزگەوتی ئاوایی، کاکە ناسری تازەلاو، باڵا هەڵکشاو وەك لاولاو. جاشی دەگلان، هاواری کرد هۆ مەلی جوان! پەپوولەی هەستی هەستیاران. سڵاو بەرە بۆ یاران. من دەزانم سزای خائین بەگەل مەرگە، پیرۆزە ئەرکی پێشمەرگە!، شەهید و فیدای وولاتم، ئۆخەی شەهیدی خەباتم!!. ویستم زۆرتری لەلابم، زیاتر بە دیداری شادبم، کە پەپوولەی ڕۆحی سەرقافڵەی کاروانەکەی دۆڵی زاخە، کە بۆ کوردان یادی پڕ حەسرەت و داخە، شەهید کاك " سەید عبدولکەریم "، کە دوێ شەویش لە خەوما دیم، لەناو گڕو تۆزو تەما، لەناو بیشەو چڕو چەما، لەگەڵ کاك " ساڵەو کاك خەلیل، هاوڕێ لەگەڵ برای دەلیل، بەرز بەرز لەسەر سەرم، بە پێکەنین و دڵ گەرم، لەم چڵ بۆو چڵ، لەم گوڵ بۆو گوڵ گوڵاو گوڵ و چڵاو چڵ، بەرەو گوڵە زەرد و سوورەکانی "سلێمان بەگی بانە " بەڕێوە بوون. شەهیدی فەرماندە، ڕووی تێکردم و ووتی: خۆ دەزانی بستی ئەو مەڵبەندەی لێت ڕادیارە، هەر هەمووی پڕ لە یادگارە!، جێ حەماسەی کوڕی کوردە، ژیان ئەزمون و سەربردە!. ئەوەی ڕۆڵە و نەوەی کوردە، لە ڕووی دژمن ئازاو گوردە، نیشتمان دایکی هەموانە، بێ ئازادی ژیان ژانە. ڕاستە زوە کۆچ و بارم، نە ماندوم و نە بێزارم، بەڵام باوەڕکە ناچارم!، هەر ئەوەندە بوو بەشم لەژین. بۆ گەلم ببم بە پەرژین. بەنیازم لەبۆ پشودان، بچم بۆ سلێمان بەگی جوان، لەوێ دانێم مەکۆ و بارگە، تۆش ڕامەوەستە درەنگە!، تۆزێکی تر شەوەزەنگە. بڕۆ بگەڕەوە کاروان، بڵێ کوڕی خەباتکاران، تاهەن دڵسۆزی وڵات بن، درێژەدەری ڕێی خەبات بن. پشتی یەك بگرن یەك دڵ بن، بۆ یەکتر پەپوولەو گوڵ بن. فڕێدەن دوودڵی و نیفاق، سەردەکەون بە ئیتیفاق!. لەوان کردم ماڵ ئاوایی، دڵ پڕ لە خەم بە تەنیایی. سروەی بای دڵ لاوینی کوردستان و شنەی شەماڵی خەرمانان، مەلی خەیاڵی هەڵگرتم و بردی، کاتێك زانیم لەسەر بەرزی چیای " قەندیل " لەسەر گوڵی شۆڕە شللێرێك نیشتووم، لەلای سەرووەوە ڕندوە بەفرێکی خۆڵ بەسەر کە بەدەست شنەی شەماڵەوە دەیناڵاند و بە خورو تاو فرمێسکی ساردی هەڵدەڕشت، ئۆخژنی خستە ناو هەناوم کە، ئوخەی ئەوە هێزی خوێن سارد و شەختەی زۆرداری و زستانی بێدادیە، ئاوا بە تینی باوەڕی خۆری وەك ......

بۆ لاپەڕەی ٧ ←